# سەری بێ رۆژی لە ژێر خاکدایە

**بریتییە لەکۆمەڵێ چیرۆکی**

**پەروەردەیی لەبارەی رزق و ژێوارییەوە**

ئامادەکردنی

حەسەنی پێنجوێنی

چاپی یەکەم

1435 - 2014

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين و الصلاة و السلام على خير خلقه محمد و آله و
من تبعه بإحسان إلى يوم الدين .

ناوی کتێب : سەری بێ ڕۆژی لە ژێر خاکدایە .

نوسینی : حەسەنی پێنجوێنی .

تیراژ : 2000 .

ساڵی لە چاپدانی : 1435هـ - 2014 ز .

**پێشەکی**:

خوێنەری ئازیز! هەروەك دەزانیت باوەڕ بە رازیق بوونی خوا بەشێکە لە بیر وباوەڕی ئیسلامیمان، وە چەندەها ناو لەناوە پیرۆزەکانی خوا پەیوەندییان بە رزق و ژێوارییەوە هەیە، وە لەبەشی زۆری سورەتەکانی قورئاندا باسی ژێواری و رزقدانی لەلایەن خواوە بۆ مەخلووقاتی کردووە، نزیکەی 123 جار لەقورئانا باسی ماددەی رزقی کردوە بەخۆی و چاوگ و لق و پرژەکانیەوە..با ئەو ناوانەش لەولاوە بوەستن کە راستەوخۆ پەیوەندییان بەرزقەوە هەیە وەك ناوی {المغني، القابض، الباسط، الوهاب، الواسع الخ)

لەعەقیدەی ئیسلامیماندا هەرکەس باوەڕی تەواوی بەوە نەبێ کە خوا رازیقە، یا لەوە دڵنیا نەبێ کە رزقی بەدەست خوایە، یا لێی یەقین نەبێ کە هەرچی وا لەسەر زەویدا ناتوانێ رزقی ئەم زیاد و کەم بکات، باچاوێك بە خۆیا بخشێنێتەوە، چونکە عەقیدەکەی دانەمەزراوە، لەگەڵ عەقیدەی بەتاڵیشدا هیچ چاکەیەك سوودی نییە، و هەر زەحمەتێك بکێشێ جگە لەماندووبوون هیچی بۆ نامێنێتەوە..

جا لەبەر ئەوە کەلەژیانی خۆمدا کەسانێکم بینیوە نویژخوێن و رۆژوو گر، بەڵام لەم بارەوە زۆر وێران و لەقەوماوبوون، بەپێویستم زانی ئەم مەسەلەیە باشتر روون بکەینەوە، تا مرۆڤی موسڵمان هیچ گومان ودوو دڵییەکی لەوبارەوە نەمێنێ، ولێی یەقین بێ کە چۆن ئەجەلی بەدەست خوایە و دیاری کراوە رزقیشی ئاوەها دیاری کراوە، تا بەتەواوی تەسلیمی فەرمانی خوا ببێت، و بۆ بەدەستەێنانی ژێواری کەسێکی تر جگە لە ئەڵلا بە خوا و رازیقی خۆی نەزانێ، و لەو بارەوە رێی نا دروست نەگرێتە بەر، و دەستی خەڵکی نەبڕێ ومالی خەڵکی قووت نەدات، و بەخوێنی هاو نەوعی خۆی ورگی زل نەکات، قەناعەتی تەواوی هەبێ، و بەشوێن پاك وحەلاڵدا بگەڕێ.!

لەم قسەیەی من وا حاڵی نەبیت برۆیت لەکونجێکا دابنیشی و تەمبەڵ و تەوەزەل پاڵی لێ بدەیتەوە، بەتەمای ئەوەبی خوا لە عاسمانەوە بۆت بباریێنێ، نە.. مەبەستم ئەوە نییە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە لەبەرخاتری پووڵ وپارە خۆت نەفرۆشیت، سەری بەندەگی بۆ زاڵم وخوا نەناس دانەنەوێنی، لەترسی نان برین دینەکەت و غیرەتت نەفرۆشی..

مەبەستم ئەوەیە تا لەتواناتا هەیە هەوڵ بدە، بەحەلاڵی نانی خۆت و منداڵت پەیدا بکە، هەوڵ بدە و تێبکۆشە، کاسبی بکە، ماڵی دنیا بەدەست بێنە، بەڵام مەبەرە عەبد و خزمەتکاری ماڵەکەت، ئەگەر لە هەوڵەکەتا سەر نەکەوتی خەفەت تووشی نەخۆشیت نەکات!! شەیتان زەفەرت پێنەبات، لەدین لات نەدات، رێیەکی تری حەلاڵ بگرەبەر، شێوازەکەی بۆ بگۆڕە، دیسان مەبەستم ئەوەیەلەم باس و

بەسەرهاتانە سوود وەربگری، وَ بە نموونەوە لە واتایٰ رازق بوونٰی خوا حالّی ببی، چونکە نموونەباشتر شت روون دەکاتەوە، ،نموونەکانیش لەشێوەی چیرۆك و بەسەرهاتدان، بەلاَم چیرۆکی واقیعی و رووداو نەك خەیالّی و دروستکراو، لەواقیعدا چیرۆك تابلۆیەکی زیندووە و دەستی ئادەمیزاد دەگریَ و بەهەست وئیحساسیکی تایبەتەوە دیمەنەکانی پیشان ئەدات..

قورئانیش کە بەرنامەی خوایە لەبەسەرهاتی پەروەردەییدا دەستێکی بالاَی هەبووە، بگرە بەشێکی گرنگی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە، و رێنموونی ئیماندارانیش دەکات تا چیرۆکی ئاراستە و پەروەردەیی بگێرنەوە، ئەوەتە دەفەرمویَ: " فَاقْصُصْ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ " الأعراف/176. هیوادارم توانیبێتمان ئەرکی سەرشانمان بەجێبێنابیَ و خوایش بۆمان بکاتە توێشووی پاشە رۆژمان انه نعم المولى ونعم النصير.

حەسەنی پێنجوێنی
پێرس- ئوسترالیا.

# ١

# برادەری تەنگانە

## چیرۆکێکی پەروەردەیی و روداوێکی واقیعییە

لەو کاتەدا کە لەسەر جێگەدا کەوتبووم و لاقم شکا بوو، شتی زۆر سەیرو سەمەرەم دەبیست، هەریەکەیان پەندو عیبرەتیَ بوون بۆخۆیان، بۆیە منیش لە یاداشتی رۆژانەی خۆما تۆمارم کردن، بەو هیوایەی رۆژیَ بتوانم پاکنووسیان بکەم و بیخەمە بەردەست خوێنەران تا سوودی بۆ هەموان هەبیَ..

قەدەر وابوو من هەندیَ چاك بوومەوە و کەوتمە دارەدارە!! بەلاَم بەرەو

زیندانەکانی رژێم قۆلّبەست و چاوپێچ کرام، و لە ئەمنی سلّێمانی و ئاسایشی گشتی بەغدا شەش مانگێك بێ سەرو شوێن کراین، و پاشان دراین بە دادگای شۆرِش!! و بیَ تاوان ناسراین!!

لە ماوەی ئەم زیندانییەما هەندێك لەدەستخەتەکانم تیا چوون، و هەندێکی تریشیان بسەروشوێن.. یاداشتەکەم لەم بەشەی دوەمیان بوو..بەو هیوایەی پێی شاد ببمەوە چونکە شتی زۆر بەسوودی تێابوو..

پاش ماوەی زیندانی ماوەیەك بە ئیسراحەت دانیشتم، بەلاَم زۆری نەخایاند دیسان فەرمانی گرتنم دەرچووەوە، و هاتن بم گرن، بەلاَم قەدەر وابوو کە لەمالّ نەبم و بەردەستیان نەکەوم.. منیش خۆم

شاردەوە، هەروەك ئاشكرایە لە چاوە،چاو و دڵە راوكەدا ژیان نابرێتە سەر، دێهاتەكانی كوردستانیش هەمووی ساراكڵ ببوون و لەگەڵ خاكدا یەكسان كرابوون، بەناچاری لۆچمان بەرەو كوردستانی ئەودیو كرد، لەوێ دووساڵ ماینەوە، لەو ماوەدا چاوم بەخەزێنەی بیرەوەرییەكانمدا خشاندەوە و هەندێ لەو باسانەم تۆماركرد و بەشێوەی فتوكۆپی بلاَوم كردنەوە.. وا ئێستاش نۆرەی ئەوە هاتووە بخرێنە ناو كەمپیوتەرەوەو بەچاپ بگەیەنرێن، بەو هیوایەی سوودی بۆ خوێنەران هەبێ.

پێش ئەوەی برۆینە ناو رووداوەكانەوە دەمەوێ شتێكتان بۆ بگێڕمەوە كە لەراستێدا شوێنەوارێكی زۆر گەورەی لە دڵ و دەروونمدا هەبوو!!

لەوكاتی لاق شكانەدا بەهۆی ئیلتیهاباتەوە كەوتنەكەم درێژەی كێشا و زیاتر لە دووساڵ و نیو لەسەر جێگەدا بووم.. ئالەو كاتەدا كە تازە خانووم كردبوەوە و زۆر قەرزار بووم ، تەنیا سەرچاوەی دەستكەوتم معاشەكەم بوو، فەرمانێك دەرچوو معاشەكەیشم بڕا! ئەمە شتێكی چاوەڕوان نەكراو بوو، چونكە خەڵكی وازیان لە دەستكەوتی باش دەهێنا بۆ معاشی رەسمی و دەیان گوت: هەرچەند معاشەكە بەقەد دەستكەوتەكانی تریش نابێ بەلاَم واز لەوان دێنین بۆ معاشەكە لەبەر ئایندە و داهاتوو!! ئینسان ئەگەر نەخۆش بكەوێ و لێی بقەومێ معاشەكەی هەر هەیە!!

جا كەمن ئالەوكاتی لێ قەومانەدا معاشەكەم بڕابوو، خەڵكی زۆر بەزەییان پیاما دەهاتەوە، و باسی رازیقبوونی خوایان بۆ دەگێڕامەوە، و دڵخۆشییان ئەدامەوە..

لەو هەڵوێستە چاكانەی كە شوێنەوارێكی گەورەیان لەدڵ و دەروونمدا هەبوو، و هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، هەڵوێستی مامۆستا یەكی برادەرم بوو، كە بیستبووی مانگانەكەم بڕاوە هات بۆلام و گوتی:

كاك حەسەن! هەروەك دەزانی من و خێزانم مامۆستاین، و دوو معاشمان هەیە، و یەك منداڵیشمان هەیە، تۆیش حەوت سەر خێزانی و معاشەكەت بڕاوە، ئێمە لەماڵەوە بڕیارمان داوە مانگانەكەی خێزانم بۆخۆمان خەرج بكەین و مانگانەكەی خۆیشم بێنین بۆ تۆ، تا كاتێ معاشەكەت وەردەگریتەوە!! هیوادارم دڵئاسوودەمان بكەیت، چونكە هەواڵی ئەم نان بڕینەی تۆ، وای لێ كردووین بەئاسانی پارومان بۆ قووت نەچێ، باوەڕ و ویژدانمان ئازارمان دەدات، ئێمە دوو معاشمان هەبێ و تۆیش بەحەوت سەر خێزانەوە و لەم كاتی نەخۆشی و قەرزارییەدا بێ معاش بیت!!

منیش لەتاو سۆزو هەستی پاكی برایانەی ئەو برایە چاوم پڕ لە فرمێسكی شادی بوو، شادی وخۆشییەكی كەم وێنە هەموو گیانمی داگیر كردبوو، بەخۆمم دەگوت: ئەگەر ئینسان برادەری ئاوەهای ببێ هەست بەلێقەومان دەكا؟ ناهەقم نەبوو، كێ بەو هەڵوێستە مەردانەیە دڵخۆش نابێت و هەموو گیانی لەخۆشیا پێ ناكەنێ؟ چ موسڵمانێك شتی وا ببیستێ سوجدەی شوكور بۆخوا نابات كە برادەری وای پێ بەخشیوە؟!

منیش پڕ بەدڵ سوپاسی ئەوهەستە خاوێنەیم كرد و گوتم: خوا

بەرەکەت بخاتە ناو ماڵ و منداڵتەوە و پاداشتی خێرت بداتەوە، بەلاَم من پێویستم پێی نییەو سوپاس بۆ خوا موحتاج نیم، هەرچەند قبولّم نەکرد و ەیچم لیَ وەرنەگرت، بەلاَم چونکە قسەکە لەکانگای دلّیەوە دەهاتە دەر و عەزمی بۆ ەێنان جەزم بوو، وام ..ئەزانی هەموو مانگێك ئەو معاشەم بۆ دێنێت

هەڵوێستی ئەو برادەرەم لێرەدا گێڕایەوە، تا ببێتە نموونەیەك بۆ هەموو دوو برادەرێك، وخوێنەریش بەدڵ دوعایەکی خێری بۆ بکات.. وەك ئەمەك ناسی بۆ هەڵوێستی مەردانەی و رێزنانێك لێی.

سوپاس بۆ ئەوخوایەی بە هۆی ئەم ئیسلامەوە برادەری وای بۆ سازاندین لەکاتی تەنگانەدا خەم وتەمی دەروونمانی رەواندەوە!!

# # #

**-2-**

# قەلی پاروو رفێن:

## چیرۆکێکی پەروەردەییە.

### خوا رازیقە ٢

" وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللهِّ رِزْقُهَا، وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا، كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِين "[1].

رۆژێکیان لەکاتی لاق شکانەکەمدا، چەند کەسێك هاتن بۆ سەردانم و دڵخۆشی دانەوەم، و لەناو قسەکانیاندا ئەم پەندە کوردییەیان باس کرد کە دەڵێت: "سەری بێ رۆزی لە ژێر خاکدایە "!!

ئەڵبەت منیش مەمنونیان بووم و سوپاسم کردن، ودوعای خێرم بۆ کردن، لەوەش دڵنیام کردن کە سوپاس بۆ خوا خەفەت ناخۆم، و رازیم بەقەزای خوا، و لێی بەزیادبێ تا ئەندازەیەك خۆگری لەم مەسەلەیەدا پێ بەخشیوم، و باوەڕی موتڵەقم بەوە هەیە کە خوا رازیقە و پەکم

ناخات!!

عادەتم وا بوو هەرکەس بهاتبایە بۆلام دڵخۆشیم دەدایەوە و شتێکم لە ئایەت وحەدیس و بەسەرهاتی پیاوچاکان بۆباس دەکرد، کاتێ ئەویش هەڵدەستا بەدڵخۆشیەوە دەڕۆیشت و بەجێی دەهێشتم.

جا لەوەڵامی ئەو برادەرەدا کە گوتی: سەری بێ رۆزی لە ژێر خاکدایە!! گوتم: خوا پاداشتت بداتەوە بۆ ئەو بیر خستنەوە و یادهێنانەوە، لەگەڵ ئەوەدا دڵنیابە کە لە رازیقبوونی خوا دڵنیام!! من بەسەرهاتی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمم خوێندۆتەوە، کە بەهۆی چییەوە واز لە عەنعەنەی پاشایتی دێنێت، و ئەو رووداوە گرنگە ئاوەڕۆی ژیانی دەگۆڕێ!! بەلاَم باوەڕتان هەبێ من لەژیانی رۆژانەی خۆمدا، شتی وام بینیوە دەتوانم بڵێم: لەوە گرنگتر، ئەڵبەت باسی ناکەم. بەلاَم دڵنیاییەکی تەواوی لەبارەی رازیقبوونی خواوە بۆ بەدی هێناوم، و بەتەواوی لێم روونە کە خوا یەکی کەس ناخات، و ئەو پەندە کوردییەم لێ بووەتە یەقینی، کە دەڵێت: سەری بێ رۆزی لەژێر خاکدایە..

## قەلی پاروو رفێن:

یەکێك لەناو دانیشتوانا گوتی: مامۆستا لەوانەیە هەندێك ئەو باسەیان بیستبێ بەلاَم ئێمە نەمان بیستووە، ئەو روداوەی بووە هۆی گۆڕینی ژیانی ئیبراهیم چی بوو؟

گوتم: دەگێڕنەوە کە: ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم، لەگەڵ دەستەو دایەرەی خۆیدا، بە عەنعەنەی پاشایەتییەوە رێ دەکەون بۆ راو کردن، پاش ئەوەی چەند ئاسکێك دەکوژن، و راوێکی باش دەکەن و گۆشت دەبرژێنن، سفرەو خوانی پاشایی رادەخەن، و دەست بە نان خواردن دەکەن.. ئا لەو کاتەدا قەلێك دێت، و بێ شەرمانە پڕ بەپارچە نانێکدا دەکات و دەیرفێنێ!!

ئیبراهیم زۆری پێ سەیر دەبێ، چۆن ئەم باڵندەیە ئەوەند بێ شەرم بوو، لەناو ئەم عەشاماتەدا پڕی بەو پارچە نانەدا کرد و رفاندی!! بۆیە فەرمان دەکات ئەسپی شاهانەی بۆ زین بکەن، سواری ئەسپی تیژرەوی خۆی دەبێ و دەکەوێتە شوێن قەلەکە، ئەو بەعاسمانەوە دەفڕێ و ئەمیش بەسەر زەویدا شوێنی دەکەوێ!! تا لەدوورەوە دەبینێ قەلەکە لەسەر گردۆڵەیەك نیشتەوە..

ئەمیش ئەسپەکەی تاو دەدات و زۆر ناخایەنێ دەگاتە سەر گردۆڵەکە، بەلاَم دەبینێ لە سەر سنگی جوستەیەکەوە هەڵدەفڕێ!. پەلەوەری لەبیر دەچێتەوە و دەچێت بۆ سەر لاشەو جوستەی کەوتوو، دەبینێ پیاوێکی زیندووە، بەلاَم چوار مێخەی کێشراوە و بەگازی پشتا راخراوە!!

لێی دەپرسێ: ئەوە تۆ چ کارەیت و بۆچ وا بەستراویتەوە؟

ئەویش دەلێ: تۆ جارێ بمکەرەوە، و رزگارم بکە، ئەو کاتە بەسەرهاتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.. ئیبراهیمیش دەیکاتەوە..

ئەویش بەم جۆرە بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: من سەرۆکی کاروانێکی بازرگانی بووم، کوتاڵ و شتومەکێکی زۆرمان پێ بوو، چەتەمان لێ پەیدا بوو رێیان لێ گرتین و روتیان کردینەوە و خستینیانە سەر ساجی عەلی!! زیاد لەوە نیازیشیان بوو بمان کوژن!! یەکێکیان کە هێشتا سۆلسۆلەیەك ئیمان لەدڵیا مابوو، پێی گوتن: ئەرێ برا! ئەمانە درەنگ هاتوون؟ کەمیان هێناوە؟ بۆچ بیان کوژین؟

گوتیان: ئەی چیان لێ بکەین؟

گوتی: لەم ڕێگەو بانە دووریان دەخەینەوە، و لەوێ دەیان بەستینەوە، ئەگەر پاش ئێمە کەسێك بوو ئەوا بەرەڵایان دەکات، و ئەو کاتە ئێمەش دوور کەوتووینەتەوە!! خۆ ئەگەر کەس نەبوو ئەوا بۆ خۆیان دەمرن و ئێمەش لەدەستیان ڕزگارمان دەبێ!!

جا ئەوە سێ ڕۆژی تەواوە من لێرەدا چوار پەلم بەستراوەتەوە، خوا ئەم باڵندەیە بۆ ڕامکردووم، و وەك مەئموورێك دێت لەسەرسنگم دەنیشێتەوە، و بەدەنووك نان بە دەممەوە دەکات!! پێش ئەوەی تۆ بێیت پارچە نانێکی بۆهێنا بووم، لەگەڵ تۆ دەرکەوتی ئەویش هەڵفـڕی و ڕۆیشت!!

کاتێ ئیبراهیم ئەم بەسەرهاتە دەبیستێ تەزوویەك بە هەموو لەشیا دێت و تاسێك دەیباتەوە و سەری لە کاری خوا سوڕدەمێنێ، و لەویا بڕیار دەدات واز لەتەخت وتاجی شاهی بێنێ و ڕووبکاتە عیبادەت و گۆشەگیری!!

پاش گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە گوتم: برایان! خوا ڕزقی ئەو پیاوەی بەو پەلەوەرەدا ناردووە، و بۆی کردۆتە وەسیلەی ژێواری ، من بڕوای تەواوم هەیە کەرزقی من چی بێ بۆم دەنێرێ، چونکە ڕازیقی من خودایە، نەك دەوڵەت، مانگانەکەم وەسیلەیەك بوو بۆرزقم، ئەو نەماوە خوا وەسیلەیەکی ترم بۆ ئەسازێنێ (2)..

ئینجا ئەوەش بزانن کە ئەم بەسەرهاتەی ئیبراهیمی ئەدهەمە پێی دەگوترێ: هەواڵ "خبر "، هەواڵیش ئیحتیمالی ڕاست ودرۆی هەیە، بەڵام من لەم نەخۆشیەمدا شتی وام دیوە، زۆر لەو ڕووداوە سەیر و سەر سوڕهێنەرتر. بۆنموونە:

لەکاتی معاش بڕانی دووەمدا بازرگانێکی ناسراو کارگەی نانە قەیسی هەبوو, گوتی: مامۆستا! ئەوە بۆچ نانەقەیسی نابەیت بۆ بەغدا و بیفرۆشیت؟

گوتم: ئاخر(فلاَنە کەس)! هیچ دەستمایەیەکم نییە!!

گوتی: من پڕ یەك پیکابت دەدەمێ، کەفرۆشتت پارەکەم بدەرێ!

گوتم: ماڵت ئاوا.. پیکابێکی توێتا فەلاحیم بەکرێ گرت بۆ بەغدا، و پڕم کرد لە نانە قەیسی، پاش نوێژی بەیانی لەسلێمانی دەرچووین، گەیشتینە بەغدا و هەر ئەو ڕۆژە فرۆشتم و گەڕاینەوە، بۆ نوێژی عیشا گەیشتینەوە سلێمانی، تەنیا ئەو ڕۆژە، بەئەندازەی معاشی سێ مانگ، من قازانجم کرد، و پارەم دەستکەوت!!

پەراوێزەکان:

1- [ سورة هود/6 ] .

2- سوبحانەڵلا زۆری پێ نەچوو گوتیان: یاسایەك هەیە ئەوەی دکتۆر و لیژنەی پزیشکی شایەتی بۆ بدات کە نەخۆشییەکەی نەخۆشییەکی درێژ خایەنە، و زوو چاك نابێتەوە، بۆی هەیە تا سێ ساڵ ئیجازەی نەخۆشی بدرێتێ بەمعاشی تەواوەوە.. پاش سێ مانگ منیش سوودم لەو یاسایە وەرگرت..

# # #

## -3-

# خوارازیقە

# چیرۆکی سۆفی چیت دیوە؟!

## نووسینی
## د. حەسەنی پێنجوێنی

[ "وَكَأَيِّن مِنْ دَابَّةٍ لا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ "العنكبوت60. ]

برا دەرێك[1] لە ناو خەڵکەکەدا دانیشتبوو، گوتی: مامۆستا! ئەم بەسەرهاتەی ئیبراهیم چەند سەدەیەك لەمەو بەر رووی داوە، بەسەرهاتێکی کۆنی مێژووییە، بەلاَم باوکی خۆم شتێکی دیوە، زۆر لەمە سەیرتر، لەراستیدا ئەو روداوەش بەتەواوی ئاوەڕۆی ژیانی باوکمی گۆڕیی.

گوتم: چۆن؟ گوتی: باوکم لەسەرەتای ژیانیا دەبێتە پیاوی ماڵ شێخ مەحموودی حەفید، ئەوانیش دەیکەنە سەرکار و دەینێرن بۆ {باشماخ}[2] تا سەرپەرشتی ئەو سێ دانگە موڵکەی ئەوێیان بۆ بکات..

باوکم گوتی: لەکاتی خەرمان هەڵگرتندا عادەتمان وابوو: پیاوێکی ماقووڵی ریش سپیمان دەهێنا تا ئاگای لە بەشکردنەکەبێ و هیچ لایەك غەدری لێ نەکرێت.. بۆ ئەم کارەش پیاوێکمان هەڵبژاردبوو بەناوی سۆفی حەمەومین(محمد أمین)، پیاوێکی ریش سپی و پارێزکار و روو لەخوا بوو، هەموولایەکیش خۆشیان دەویست!!
رۆژێ (سۆفی حەمەومین)مان ئاگادار کردەوە کە ئێوارە ئامادەبێ تا فلاَنە خەرمان هەڵبگرین، پاش عەسر زۆر چاوەڕوانی سۆفی بووین بەلاَم نەبوو، بەناچاری هەستاین، خەرمانمان بەجێ هێشت وهەڵمان گرت بۆ سبەینێ..

باوکم گوتی: هاتمە خوارێ بەرەو ئاوی باشماخ کە لەناوچەی مەریوان و پێنجوێنەوە سنووری نێوان دەوڵەتی ئێران و عیراقە، دیتم سۆفی لەقە لەق بەرەو ژوور دێت..

منیش پاش سلاَو کردن گوتم: ئەوە سۆفی حەمەومین! ماڵت خرا نەبێ! تۆ ئەو پەنەت بۆ پێداین؟! ئەو هەمووە ماتڵت کردین و نەهاتی بۆلامان؟!

ئەویش بە باوکم دەڵێ: کوڕە قالە(قادر)!ماڵت بەقوڕ سیواق بدرێ!

تا زووە واز لەم سەر یەشە و دەمە دەمێ و فرە بڵێ ییە بێنە! خوا رازیقە رازیق!، تۆ لەهیچ شتێکا رزقی خۆتت نەدیوەتەوە جگە لە سەرکاری و خزمەتی ماڵی ئاغادا نەبێ؟! بڕۆ کارێکی تر بدۆزەرەوە، قەسەم بەخوا پەکت ناکەوێ! وەرە لەتەکما شتێکم دیوە باپیشانت بدەم، دڵنیام ئەگەر بیبینی واز لەم فرە ڕێسی یە دێنیت!!

باوکیشم پێی دەڵێ: سۆفی چیت دیوە، ماڵت خرا نەبێ؟

سۆفی دەڵێ: وەرە بابڕۆین جا پێت ئەڵێم.. پەلی دەگرێ و ئەیباتە سەر چەمەکەی باشماخ، لەوێدا چەند تاتە بەردێکیان دانابوو بۆ ئەوانەی نوێژ دەکەن، لەسەر بەردە نوێژە کان دایدەنێ و ئەڵی: سەرنج

بدە و ورد ببەوە..

باوكم دەيگوت: زۆری پێ نەچوو زەردەواڵەیەك هات، دەنكە گەنمێكی پێبوو، دەیژەند بەئاوەكەدا و دەڕۆیشتە ناو دار بییەكانەوە. سۆفی بە باوكم ئەڵێ: خۆ بینیت؟

باوكیشم ئەڵێ: بەڵێ..

سۆفی دەڵێ: ئینجا وەرە بابڕۆینە ناو بییەكانەوە، سەیرم كرد بەچڵی یەكێ لەدرەختەكانەوە هێلانە چۆلەكەیەك هەیە، ئەو هێلانەیەش سێ زەرنەقووتەی تیابوو، دەنووك زەرد و چاو نەپشكوتاو، دایكەكەیان دیار نەبوو، ئیتر نەم زانی كوژراوە، گیراوە، یا چی بەسەر هاتووە؟

كاتێ گیزەی زەردەواڵەكە ئەهات بەچكە چۆلەكەكان دەستیان بە جیكە جیك دەكرد و دەمیان دەكردەوە، و ئەویش دەنكە گەنمەكەی ئەهاوێشتە ناو دەمی یەكێكیانەوە!!.

باوكم گوتی: كاتێ من ئەم دیمەنەم بە چاوی خۆم بینی، دڵم گەرم بوو، چاوم پڕلەئاو بوو، سەرم لە كرداری خوا سڕ ئەما: چۆن ئەم دوژمنەی بۆ ئەم زەرنەقووتانە رام (مسخر)كردووە؟!!

هەر لەویا باوكم بڕیار ئەدا: بۆ هەمیشە واز لەسەر كاری بێنێ و ماڵی ئاغا و ماغا بەجێ بێڵێ.. باوكم گوتی: كورم! ئەو رووداوە ئاوەها ئاوەڕۆی ژیانمی گۆڕی!!

# # #

مامۆستا حسین گوتی: مامۆستا گیان! ئابەو جۆرە خوا رزقی ئەو بەستە زمانانەی بەو دوژمنەی خۆیانا نارد.. ئیتر چۆن رزقی بەندەكانی خۆی نادات؟! ئیتر چۆن پەكمان دەخات؟!

منیش گوتم: واقیعەن پەكمان ناخات، و سەری بێ رۆزی لە ژێر خاكدایە!!، خوا لەقورئانا دەفەرموێ: " وَكَأَيِّن مِنْ دَابَّةٍ لا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ "(العنكبوت/60. )

واتە: چەندان گیاندار وجرو جانەوەر هەن كە رزقی خۆیان ناگرن بە كۆڵیانەوە، تەنیا خوایە كە ژێواری ئەوان و ئێوەش دەدات!!

!ئیتر بۆچ خەفەت بخۆین؟

پەراوێزەكان:

1- **ئەم برادەرە مامۆستا حسن مەلا قادر بوو..**

**2- باشماخ دێیەكە نزیكی سەعاتە رێیەك –بە پێ- لە پێنجوێنەوە دوورە و كەوتۆتە رۆژهەڵاتی ئەم شارەوە و لەناو سنووری ئێراندایە..**

# # #

- 4 -

# خوا رازيقه

## چيرۆكی عەگبەری كوردی

وەرگێرانی
حەسەنی پێنجوێنی

" وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللهِ رِزْقُهَا، وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا، كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ "
سورة هود/6.

عەگبەری كوردی[1]
رووداوێكی مێژووییە وئیبنو قودامەی مەقدیسی لە كتێبەكەی خۆیا بەناوی تۆبەكاران: (التوابين) ، بۆمان دەگێڕێتەوە.

ئیبنو قودامەی مەقدیسی لە كتێبە ناودارەكەی خۆیا بەناوی (التوابين)، رووداوێكی سەیر دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەپەنای كەعبەدا پیاوێكیان بینی دەستی بە قوڵفی كەعبەوە گرتبوو، بەدڵ دەگریاو دەپاڕایەوە، و بەخوڕ ئاو بەچاویا دەهاتە خوارێ، و داوای لێ خۆشبوونی لەخوا دەكرد!!

یەكێك لێی رۆیشتە پێشەوەو گوتی: ئەرێ بێ زەحمەت تۆ عەگبەری كوردی نیت؟

گوتی: بەڵێ، ئەوم..

گوتی: بەقوربانەكەت بم، تو خوا پێم ناڵێیت چۆن خوا هیدایەتی دایت؟! ئاخر ئەگەر منداڵ لەناو بێشكەدا بگریایەو بیان گوتایە: ئەوا عەگبەری كوردی هات لەترسا ژیر دەبووەوە!! چی وای لێكردی ئاوها بەكوڵ بگریت و لەخوا بپاڕێیتەوە؟!

گوتی: بابەگیان! بڕۆ بەلای كارتەوە، چیت لەمن داوە؟ برینەكانم مەكولێنەوە بابۆخۆم سەركزبكەم و بۆ خۆم و ژیانی رابوردوم بگریم،

بەڵکو خوا لێم ببورێ و بم بەخشێ..

بیشری حافی( )سوێندی دەدات ودەڵێ: عەگبەر! تۆ بەناوبانگ ترین جەردەو ڕێگری ئەوناوچەیە بوویت، تو خوا چۆن ئەم گۆڕانەت بەسەرا هات و چۆن گەڕایتەوە بۆ لای خوا؟!

ئەویش دەڵێ: بابەگیان! ئاخر بۆ سوێندم ئەدەن؟، چ حەقێکتان بەسەرمەوەیە؟ ناچارتان کردم بۆتان بگێڕمەوە، ئینجا یەك دوو کۆکەی بۆ دەکات و گەرووی پاك دەکاتەوە و دەڵێ:

برایان هەروەك دەزانن من لەناوچەکەدا گەورەترین جەردەو ڕێگر بوم! نەك چەتەیەکی رووت بەڵکو گەورەو سەردەستەی چەتەکانیش بووم!! رۆژێ کاروانێکمان رووت کردەوە، و شتومەکە کانمان بردە ناو دارخورماکانەوە، وحەشارمان دان..منیش کە سەرۆکی چەتەکان بووم هەندێ لەوان دوور کەوتمەوە، و لەپەنای دارخورمایەکدا دانیشتم و پاڵم پێوە دا، و دەستم نایە ژێر چەناکەم، و بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئەو شتانە ساق بکەینەوە و کاری داهاتوومان چۆن بێ؟

چۆلەکەیەك داڵغەکەی لێ تێك دابوم، ئەهات دەنووکی لەهێشوە خورمای دارەکەی پاڵپشتی من گیر دەکرد، بەئاسانی بۆی لێ نەدەکرایەوە، دەستی بە جیکە جیك و باڵە تەپێ دەکرد تا دەنکە خورمایەکی لێ دەکردەوە.. دەیبردە سەر دارخورمایەکی بێبەر و دەگەڕایەوە بۆ دەنکێکی تر، ئەم کارەم زۆر پێ سەیر بوو، هات بەدڵما شوێنی بکەوم و بزانم بۆچ دەرواتە سەر ئەوداره زڕەو دەگەڕێتەوە؟!

بەڵێ، کەوتمە شوێنی دیتم لەگەڵ شەققەی باڵی چۆلەکەدا ڕەش مارێکی زل دەمی دەکاتەوە و چۆلەکەیش دەنکە خورمای دەهاوێشتە دەمیەوە!! زۆر بەلامەوە سەیر بوو، بویە چوومە سەر دارخورماکە و دیتم مارەکە هەردوو چاوی کوێرە و هیچ شتێ نابینێ!!

ئینجا بەگریان و شین و شەپۆڕەوە هاتمە خوار وخۆڵ وخاکم بەسەرخۆما دەکرد و لەبەر خۆمەوە هاوارم ئەکرد و ئەمگوت: خوایە گیان! تۆبە و پەشیمانم!! داوای لێ بوردنت لێ دەکەم و بەگەورەیی خۆت بم بەخشە!! من تا ئێستا وەك پێویست باوەڕم بەتۆ نەبووە!! تۆم بەباشی نەناسیوە! و لەواتای رازیقیەتی تۆ حاڵی نەبووم!!

بەم گریان وحاڵەوە رۆیشتمەوە بۆ لای رەفیقەکانم ئەوانیش ئەم حاڵەی منیان پێ سەیر بوو! گوتیان: ئەوە چییە؟چی بووە؟ بۆچ وا دەگریت؟ خۆ تێك نەچوویت و شێت نەبوویت؟

گوتم: ماڵ کاولانە! وەرن تەماشاکەن، تائێستا ئێمە باوەڕمان بەوە نەبوە کە خوا رازیقە!

گوتیان: چۆن؟ چی بووە حاڵیمان بکە، مێشکمان تەقی!!

منیش پەڵم گرتن وگوتم: وەرن بزانن چ دەبینن؟ کە ئەوانیش ڕەشماری کوێر و چۆلەکەکەیان بینی وەك من حاڵیان لێ هات، و دەستیان کردە هاوار و گریان!! هەموو دەماندا بەسەری خۆماندا و دەمان گوت ": خوایە! تۆ رزقی مارێکی کوێر ئەدەیت، لەگەڵ ئەوەدا کەمار دوژمنە، شەرعەکەی تۆ دەڵێ: ئەگەر مارتان بینی بیکوژن، با لەناو نوێژیشا بن، نوێژ خوێن هەر چەند ئەملاو لا بکات و بەشوێن بەردا بگەڕێو کوتەك بوەشێنێ، نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوەو هەر بەنوێژ بۆی حسێبە، لەگەڵ ئەوەدا کەمار دەعبایەکی ئاوەهایەچونکە چاوی کوێربووە، دوژمنێکی خۆیت بۆ رام کردووە، و بەوا رزقی بۆ دەنێری!! تا بیکات بە دەمیشیەوە!! دوژمنایەتی مارو چۆلەکە بەنێو بانگە، و مار

دوژمنی چۆلەکەیەو لەهەرکوێ بۆی هەڵ بکەوێ ئەیخوات!!

خوایەگیان! ئەی چۆن رزقی ئێمە نادەیت؟ بەخوایەتی خۆت قەسەم: رزقی ئێمە باشتر ئەدەیت!! خوایەگیان! تۆبەبێ، و بۆلای تۆ گەڕاینەوە، بڕیاربێ جارێکی دی نەگەڕێینەوە بۆ سەر کاری پێشوومان!! تۆیش بەگەورەیی خۆت تەوبەمان لێ قبووڵ بکە!!

ئەمەبوو هۆی پەشیمانی و گریانی من و وازهێنان لە چەتەیی و رێگری..

گوتیان: ئەی شتەکانتان چی لێکرد ئەوەی لەو خەڵکەتان سەندبوو؟

گوتی: ئەو شتانەی خاوەنیمان دەناسی بۆمان بردنەوە و داوای گەردن ئازادیمان لێ کردن! ئەوەش کەنەمان دەزانىهی کێیە، دامان بەوانەی دەیان ناسین، تا بۆیان ببەنەوە، و بیان دەنەوە..

# # #

پاشان بەرەو مەککە رێمان گرتەبەر و بەو دەشت و بیابانەدا دەهاتین وخۆڵمان بەسەرخۆمانا دەکرد و دەگریاین و دەمان گوت: خوایە! بۆلای تۆ هاتین و تۆیش لەگوناهمان خۆش ببە..

تاگەیشتینە نزیك دێیەك لەم پەڕی ئاواییەکەوە پیرەژنێکی کوێر دانیشتبوو، کە گوێی لەدەنگی ئێمەوە بوو، گوتی: ئەرێ رۆڵەگیان! عەگبەری کوردیتان لەگەڵدایە؟!

منیش زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەم پیرە ژنە ناوی من دەزانێ و هەواڵیشم دەپرسێ!! یەکێك لەهاوەڵکانم گوتی: بەڵێ، داپیرەگیان! عەگبەرمان لەگەڵە.. ئایا کارت پێیەتی؟

گوتی: بەڵێ..

گوتیان: پێمان بڵێ کارەکەت چییە؟

گوتی: بەقوربان! کوڕێکی شەنگوشۆخی لاوچاکم لەدەست دا و ئێوە خۆش!! کوڕەکەم زۆر خۆش دەویست و بەسەر جل و بەرگەکانیەوە ئەگریام و ئەم لاواندەوە، شەوێکیان پێغەمەرصلی الله علیه وسلم هاتە خەوم و فەرمووی: جل و بەرگەکانی کوڕەکەت بدە بەعەگبەری کوردی! لەتاوا راپەڕیم و خەبەرم بووەوە، لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئەمە خەوە و من لەکوێ عەگبەری کوردی پەیا بکەم؟

شەوی داهاتوو هاتەوە خەوم و هەمان فەرموودەی فەرموو.. لەحەیبەتا راست بوومەوە، بەڵام نەم دەزانی عەگبەر کێیەو چۆنی پەیدا بکەم؟ کەشەوی سێهەم هاتەوە خەوم فەرمووی: عەگبەر لێرەوە تێ دەپەڕێت.. منیش ئەوە ماوەی چەند رۆژێکە دێم و لێرە دادەنیشم وچاوەڕێ دەکەم، بەڵکو عەگبەر بێت وجلەکانی کوڕەکەمی بدەمێ و فەرمانەکەی پێغەمەرصلی الله علیه وسلم بەجێ بێنم!!

کاتێ ئەم قسەیەم لە پیرەژن بیست تەزوویەك بەلەشما هات، هەر لەتەوقی سەرمەوە تا کەڵەمووسی پێم.. قوڵپەی گریان گرتمی، و هاوارم ئەکرد وئەم گوت: ئەی پێغەمەری خوا صلی الله علیه وسلم بەم هەموو تاوان و گوناهباریمەوە منت لەبیر نەچووە؟!

ئەوەندەی تر گریام و بەهەنسکەوە گوتم: داپیرە گیان! من عەگبەری کوردیم، ئەویش جل وبەرگەکانی دامێ و هاتین بەرێگەدا، تا گەیشتینە

مەككەو ئەوەتە لەپەناى كەعبەدا دەمبينن..

خوايەك ئەوەندە رازيق بىّ و رەحمى زۆربىّ رزقى مارى كويّر بدات، ئيتر چۆن خەمى رزقمان بيّت؟

ليّرەدا پيّويستە بلّيين: ئينسانى موسلّمان ئەبىّ هەولّ بدات چۆلەكەكەبىّ نەك خۆى بكاتە مارە كويّرەكە..

# # #

1- هەشتا و سىّ ىەمىن تۆبەكارە لەناو كتىّبەكەدا..
2- سۆفييەكى بەناوبانگە، لە ناوچەى(مەرو) لەداىك بوە، و لەبەغدادا ژيانى بردۆتە سەر، و هەر لەوە يّىش لەسالّى(227هـ) كۆچى دواىى كردووە،و گۆرِەكەى لە [ أعظمية ] ى بەغداىە..

## بســم الله الـرحـمــن الرحيــم

## تعريف بالشيخ العلامة ابن قدامة المقدسي - 1

**هو الشيخ الإمام العلامة : موفق الدين أبو محمد عبدالله بن أحمد بن محمد بن قدامة بن نصر المقدسي الجمّاعيلي ثم الدمشقي الصالحي الحنبلي .**
**ولد رحمه الله بجمَّاعيل إحدى قرى مدينة نابلس سنة 541 هـ ، في أسرة عرفت بالعلم والصلاح ، هاجر مع أهل بيته وأقاربه إلى دمشق وله عشر سنين**
**حفظ القرآن وحفظ مختصر الخرقي في الفقه ، وسمع من والده وغيره وقرأ على المشايخ الكبار .**
**تنوعت رحلاته رحمه الله في طلب العلم فرحل إلى بغداد هو وابن خالته الحافظ عبدالغني بن عبدالواحد بن علي المقدسي وأقاما هنا أربع سنوات أتقنا خلالها الفقه والحديث والخلاف، ثم انتقلا إلى رباط النعّال واشتغلا على ابن المَنّي ، ثم عاد رحمه الله إلى بغداد ومعه عماد الدين أبو إسحاق إبراهيم بن عبدالواحد بن عبدالغني المقدسي فأقاما سنة، حج سنة 573 هـ ، فسمع بمكة وفي طريق العودة وصل إلى بغداد حيث بقي فيها سنة كما رحل إلى الموصل وأخذ العلم عن أساتذة هذه المدن الأربعة ..**

## أقوال العلماء وأئمة الأمة فيه رحمه الله

**قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله: لم يدخل الشام بعد الأوزاعي فقيه أعلم من موفق الدين!**

**وقال الصفدي : كان أوحد زمانه إمام في علم الخلاف والفرائض والأصول والفقه والنحو والحساب والنجوم السيارة والمنازل .**
**وقد وصفه الذهبي بأنه كان من بحور العلم وأذكياء العالم .**
**وقال الكتبي ـ صاحب فوات الوفيات ـ : كان إماما حجة مصنفا متفننا محررا متبحرا في العلم كبير القدر .**
**ويقول ابن رجب الحنبلي : الفقيه الزاهد الإمام شيخ الإسلام وأحد الأعلام ، وقال أيضا : هو إمام الأئمة ومفتي الأمة خصه الله بالفضل الوافر والخاطر الماطر .**

ابن غنيمة:
ونقل الذهبي عن الضياء المقدسي قوله : سمعت المفتي أبا بكر محمد بن معالي بن غنيمة يقول : ما أعرف أحدا في زماننا أدرك درجة الإجتهاد إلا الموفق .

**من مشايخه رحمه الله ..**

عبدالرحمن بن علي بن الجوزي إمام عصره في الوعظ صاحب التصانيف الكثيرة وقد حدّث عنه .
عبدالقادر بن عبدالله الجيلي أو الجيلاني شيخ بغداد العالم الزاهد المعروف .
شهدة بنت أحمد بن الفرج الدينورية فخر النساء الكاتبة المعمَّرة مسندة العراق كانت ديّنة عابدة صالحة كان لها برّ وخير سمع عليها خلق كثير وكان لها السماع العالي ألحقت فيه الأصاغر بالأكابر وكان سماعها صحيحا واشتهر ذكرها وبعُد صيتها .
هبة الله بن الحسن العجلي السامري المعروف بابن الدقاق ، كان مسند بغداد صحيح الرواية متدينا وهو أقدم مشايخ موفق الدين ..

**وقد تتلمذ على يديه علماء كثيرون منهم :**

عبدالرحمن بن عبدالغني بن عبدالواحد المقدسي الفقيه الزاهد وكان يؤم معه في جامع بني أمية بمحراب الحنابلة وهو صاحب تصانيف نافعة وكان ربانيا ديّنا حافظا .
عبدالعظيم بن عبدالقوي المنذري ، المحدث والفقيه الشافعي المعروف ، لم يكن في زمانه احفظ منه وهو صاحب كتاب " الترغيب والترهيب " .
عثمان بن عبدالرحمن الكردي أبو عمرو المعروف بابن الصلاح كان من كبار الأئمة حافظا ورعا زاهدا له مقدمة مشهورة في علم الحديث .

**من مؤلفاته رحمه الله :**

روضة الناظر وجنة المناظر .. الكافي في فقه الإمام أحمد المغنى..
المنتخب من علل الخلال، كتاب التوابين.
توفي رحمه الله يوم الفطر سنة 620 هـ ودفن بجبل قاسيون خلف الجامع المظفري .

# # #

## -5 -

# خوارازیقه

# چیرۆکی کتك وماری کوێر:

وەرگێرانی
حەسەنی پێنجوێنی

ڕووداوێکی مێژووییە و ڕازیق بوونی خوا پیشان دەدات و پیاوچاکی بەناوبانگی جیهانی ئیسلامی مالیکی کوڕی دینار بۆمان دەگێرێتەوە.

مالیکی کوڕی دینار یەکێکە لەتابیعین و لە جیهانی ئیسلامیدا بە نێو بانگە بە پیاو چاکێکی پارێزکاری خواناس، و لەواقیشدا وا بووە..

ئەم پیاوە خوا ناسە دەگێرێتەوەو دەڵێ:

ڕۆژی لەماڵ دانیشتبووم خێزانم پێی گوتم: پیاوەکە! ئاگات لەو گۆشتەبێ تا دەچم هەندێ ئاو دێنم و دێمەوە!

گوتم: باشە..

کەمێ مەشغەڵەتم بۆ دروست بوو، پشیلەیەك پڕی بەپارچە گۆشتێکا کرد و ڕفاندی!، بەڵێ، وڵمە گۆشتی برد و بۆی دەرچوو، منیش کەوتمە شوێنی بەو هیوایەی بتوانم لێی بسێنمەو، بەڵێ ماوەیەك بەشوێنیا ڕامکرد، سەرنجم دا پشیلە لەگۆشتەکەی نەدە خوارد، زۆرم پێ سەیر بوو پشیلە و لە گۆشت نەخوات!! دیتم پشیلە وڵمە گۆشتی لەبەردەم کونێکا داناو خۆی بۆی دەرچوو.

منیش ڕۆیشتم وڵمە گۆشت بۆ ماڵ ومنداڵ بێنمەوە، ئەوەی کە هەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد دیتم!!

دیتم مارێکی گەورە گۆشتەکەی برد بەدەمیا و دەستی بەخواردنی کرد، ئەمە سەیر نییە مار لەو کونەدا خۆی حەشاردابێ، و لەوکاتەدا هاتبێتە دەرەوە، سەیر لەوەدابوو کە مارەکە هەردووچاوی کوێر و مزمەعیل بوو، بینایی لە چاویا نەبوو!!

ئەوکاتە حاڵی بووم کە پشیلە بۆ لەگۆشتەکەی نەخوارد، چونکە پشیلەکە تەنیا وەسیلەیەك بوو، تا ئەو ڕزقەی خوا بۆ مارە کوێرەکەی دیاری کردوە پێی بگەیەنێ و بۆی ببات.

"اللهُ لَطِيفُ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْقَوِيُّ العَزِيزُ"الشوری/19

واتە:خوا بەرامبەر بەندەکانی بەسۆز ودلۆڤانە، ئەوەی خۆی بییەوێت ڕزق و ژێواری پێ دەبەخشێت (بۆ تاقی کردنەوە)، ئەویش زاتێکی

بەهێز و باڵادەستە..

# # #

# - 6 -

## خوارازیقە

# زەرنەقووتە و زەردەواڵە

نووسینی
حەسەنی پێنجوێنی

"  إِنَّ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللهَّ لا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا، فَابْتَغُوا عِنْدَ اللهَّ الرِّزْقَ، وَاعْبُدُوهُ وَاشْكُرُوا لَهُ،إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ".العنكبوت/17.

حەمۆلە بۆی گێڕامەوە، گوتی: مامۆستا تەمەنم لە دەوری یانزە ساڵیما، دنیا بەهار بوو، (دەشتی برایم ئاوا) (1 )کاتی گیا دورینی هاتبوو، رەنجبەرێکمان هەبوو، لەو دەشتەدا بەکەرەنتوو گیای بۆ ئەدوروینەوە، منیش کەوتمە شوێنی و لەتەکیا رۆیشتم!!

ماوەیەك رەنجبەرەکە دروێنەی کرد، چەند قەدێك گیای دورییەوە، شەنگەسوورە( 2)یەکم بینی بەو ناوەدا هەر گیزە گیزی بوو، منیش تووڵێ (تەروو) ( 3)م بۆ بڕی و کەوتمە شوێنی.. لێرە لێم دەدا و لەوێ دەکەوت، و هەڵدەستایەوە و دەفڕی..
بەڵێ، چەند جارێك لێم دەدا دەکەوت و هەڵدەستایەوە، ئیتر ماندووبووم و وازم لێهێنا،و گوتم: وەڵلا ئیتر حەقم نییە بەسەریەوە.
رەنجبەرەکە یەك دوو قەدی تر گیای دروێنە کرد، بەسەر بنجی دڕکە قنگرێکەوە هێلانە چۆلەکەیەکم بینی، لەناو هێلانەکەدا دوو بەچکە چۆلەکەی زەرنەقووتەی تیابوو، هێشتا چاویان نەکرابووەوە، و دایکەکەشیان لەنزیکیانەوە مردار ببوەوە!!
منیش ئەوکاتە وەك منداڵێکی پاکی بێ گوناح بووم، زۆر دڵم پێیان سووتا و بەزەییم پیا یانا هاتەوە، چونکە هێشتا پەڕیان دەر نەکردبوو، دەنووکیان زەردبوو، چاویان نە پشکوتابوو.. دایکیشیان ئاوەها لەپەنایانا مردارەوە ببوو، دەمگوت ئاخر ئەمانە چۆن بژین؟ و کێ ئەمانەی بۆ بەخێو دەکرێ؟!
لەو کاتەدا کەمن کەوتبوومە ناو گێژاوی ئەم خەیالانە وبیرم لە داهاتووی ئەم زەرنەقوتانە دەکردەوە شەنگەسوورەکە بەگیزە گیز پەیا بووەوە، لاقە کوللەیەکی بەدەمەوە بوو، زەرنەقوتەکان هەر لەگەڵ گوێیان لە گیزەی شەنگەسوورەکەوە بوو دەستیان کرد بەجیکە جیك و دەمیان داپچڕی!! شەنگە سوورەکە لاقەکەی خستە دەمی یەکێکیانەوە.. وەڵلاهی خۆم بەچاوی خۆم ئەمەم بینی!! کە ئەم رووداوەم لێ بینی، پڕ بەدڵ شەنگە سوورەکەم خۆش دەویست، و لەدڵی خۆما ئەم گوت: خوایە هەزار جار سوپاس بۆ تۆ، کە ئەم خێرەومەندەم نەکوشت!!
یەکێکی تر لەناو کۆڕەکەدا گوتی: کێ دەڵێ خوا بەتایبەتی

نەیهێشتۆتەوە، بۆ خزمەت کردن بەو بێچوە چۆلەکانە؟!
کاك موحەممەدیش گوتی: بەرێ وەڵلا خوا هەر بۆ ئەوە لەدەستی من رزگاری کرد و هێشتیەوە!! چونکە کردبوویە وەسیلەیەك بۆ ژێواری و ژیانی ئەوانە..بۆیە من هەر لێم دەدا و نە دەمرد..
مامۆستا گیان! هەرچەند من پیاوێکم باوەڕ سێسووچ و گوناهبار بەلاَم قەناعەتی تەواوم هەیە کە خوا رازیقەو پەکی کەس ناخات..
# # #

بەڵێ، تا کاتێ ژیان کۆتایی نەیەت و ئەجەل ئامادە نەبێ خوا رزق و ژێواری هەر گیاندارێ دەدات، بێچوە چۆلەکە تەنیا دایکیەتی هەوڵی بۆ دەدات و خواردن بەدەمیەوە دەکات، کاتێ دایکی مرد ئێمەی ئادەمیزاد بەزەییمان پیایا دێتەوە، چونکە وا بیر دەکەینەوە لەوانەیە لەبرسا بمرێ!! بەلاَم بێ ئاگا لەوە کەدایکی بێچوەکان رازیق نەبوەو نییە، بەڵکو تەنیا وەسیلەیەك بووە، رازیق تەنیا ئەڵلایە، ئەویش ماوەو بەردەوامە. وەسیلەیەکی تر بۆ ئەو زەرنەقوتانە دەسازێنێ، و ژیواری و رزقیان بۆ دەنێرێ.. با بەدوژمنی خۆیشیانا بێت.!!خوایش دەفەرموێ هەرچی گیاندار لەزەویدایە خوا رزقی دەدات: " وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللهَّ رِزْقُهَا، وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا، كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ "( 4) ، وە هەروەها دەفەرموێ: خوا ئەو خوایە کە دروستی کردوون و پاشان ژێواری داون و ئەنجا دەتان مرێنێ و دواییش زیندوتان دەکاتەوە. "اللهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ "(5 )

# # #

1-دەشتی پێنجوێن، پێیشی دەگوترێ دەشتی برایم ئاوا..لەنێوان حەسەن ئاواو راوگاندایە.

2 - شەنگە سوورە ، جۆرێکە لەزەردەواڵە بەلاَم لاشەی گەورەترە و رەنگیشی جیاووازە.

3- تەروو، دارێکە کورتە بالاَ، هەرگیز داری گەورەی لێ دروست نابێ لەشێوەی دەوەنا ئەمێنێتەوە، بەهاران چوزەرە دەردەکات و گەلاَیەکی جوانی هەیە، لەساڵی داهاتوودا ئەوانە وشك دەبن وەی سەر لەنوێ دەر دەکاتەوە..

4- سورة هود/ 6.

5 - سورة الروم/40.

# # #

- 7 -

# کولـلەی لاق شکاو

## ڕووداوێکی واقیعییە

نووسینی
حەسەنی پێنجوێنی

کاك حەسەنی ڕەحمانی بۆی گێڕامەوە و گوتی:
برادەرێکمان هەبوو باوەڕکز وئیمان لاواز، دوور لە خوا و خوا پەرستی، لەدایەرەدا هاوکارمان بوو، پاشان مەقامێکی وەرگرت و کەمێ سەرکەوت! بەڕێوەبەرایەتی بەشی سۆرانی وهەورامی رادیۆ سنەی پێدرا!! پاشان کرا بە بەڕێوەبەری ئێزگە، بەرزی و نزمی، دەوڵەمەندی و هەژاری، بوون و نەبوون، ئەمانە هەموویان بەدەست خودان.. تاقیکردنەوە و ئازمایشن، خۆش بەختی بۆ ئەوانەی لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوانە دەردەچن!!
کۆنە هاوەڵ و تازە بەڕێوە بەرمان، لەیەکەم پلەی ئەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو نەبوو، تا ئەندازەیەك لەخۆی بایی بوو،
ئاغا – ی زەمانی کۆن- لەگەڵ ڕەعیەتی خۆیدا چۆن قسەی ئەکرد ئەمیش ئاوا قسەی لەتەکا ئەکردین!!
ناهەقیشی ناگرم، چونکە کاتێ ئینسان لەبەرنامەکەی خوا دوور بوو، و لەبارەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیرییەوە، ئاستی لەخوار بوو، حەتمەن پلەو پایە دەیگۆڕێ، و لەخۆ بایی بوون ڕووی تێدەکات، ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە کە هەموو سەرکەوتنێك – ئەگەر بمێنێ – هاتنە خوارەوەی بە دوادا دێ، کاتێك بە پلەکانەدا سەردەکەوێت، لەورێیەدا کەسانێکی تووش دەبێت، لەوانەیە لەکاتی هاتنە خوارەوەشدا تووشیان ببێتەوە!!
چەند خۆشە لەکاتی سەر کەوتن و بەرزبوونەوەدا ئینسان خۆی لێ بایی نەبێ، تا لەکاتی هاتنە خوارەوەدا عارەقی خەجاڵەتی و شەرمەساری دەر نەدات!!
بەڵێ لەسەرەتای پایزدا بوو ڕۆژێك هاتین بۆ دایەرە، بەشێوەیەکی وا هات بەدەممانەوە کە هەرگیز چاوەڕوانمان نەدەکرد!! هەست و ئیحساسێکی تایبەتی تیا دروست ببوو، ڕێزێکی زۆری لێگرتین!!، ئەمجارە وەك هاوکارەکەی جاران لەتەکمانا ئەدوا و قسەی دەکرد!! دڵی گەرم ببوو، فرمێسك لەچاوەکانیا قەتیس مابوو! فەرمووی لێکردین

وداينٰاين!!
زۆرمان پێ سەیربوو، ئەم گۆڕانە کتووپڕیە چۆن دروست بوو؟! زۆر جار ناوی خواو پێغەمەرصلى الله عليه وسلم ی دەبرد، لەدڵی خۆماندا سوپاسی خوامان دەکرد کەئەم هاوکارەمان ڕێی ڕاستی دۆزیوەتەوە..
ئیتر خۆی کەوتە قسەکردن و گوتی: بەڕاستی برایان! ڕووداوێکی زۆر سەیر و کاری گەرم دیوە وەرن با بۆتان بگێڕمەوە:
گوتمان: فەرمووو.. یا خوا خێر!
گوتی: لەکرماشانەوە بۆ سنە دەهاتم، کوڕە بچکۆلەکەیشم لەتەکا بوو، پێش ئەوەی بگەینە تونێلی یەکەم ترومبێلەکەمان پەنچەر بوو، ئێمەش ناچار دابەزین، منداڵەکە ئەیویست دەست بەئاو بگەیەنێ، منیش کەمێ دوورم خستەوە، پاش ئەوەی هەندێ گەڕاین و سەیری دیمەنی دڵڕفێنی سروشتمان کرد، لەو کاتەدا کەئیمە دەگەڕاین کوللەیەکی لاق شکاوی باڵ قرتاومان بینی!! ئەو داماوە نەیدەتوانی بەچاکی لەجێی خۆی ببزوێ، منیش زۆر بەزەییم پیاهاتەوە و سۆز و عاتیفەم بۆی جوولاَ و

خەفەتم بۆ دەخوارد.. لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئەم بەستە زمانەی هەژارە چۆن خواردن و ژیواری بەدەست بێنێ؟! خۆ ناتوانێ بەباشی لەجێی خۆیا ببزوێ!! دەبێ چۆن بژی؟! با لەمە زیاتر لەرەنج وزەحمەتا نەبێ، با ئەوەندە لەئێش وئازارا نەتلێتەوە!! ئەگەر بیکوژم وا بزانم پیاوەتییەکی باشی لەتەکا ئەکەم!! ئەمە هات بەخەیاڵمدا و پێم بەرزکردەوە بەو نیازەی بیکوژم!!
ئالەو کاتەدا شتێکی زۆر سەیر رووی داو سستی کردم و نەك هەر بەخەیاڵی مندا بەڵکو بەخەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهات!!
لەعاسمانەوە کرمێك کەوتە خوارێ و لەپەنای قاچی منا داکەوت، کوللەکە بەهەر زەحمەتێك بوو، خۆی بۆ کێش کرد، و خۆی گەیاندێ، و یەکسەر دەستی بەخواردنی کرد!! ئالەو کاتەدا سەرم بەرزکردەوە چۆلەکەیەکم بینی تێپەڕی، تەمەز چۆلەکەکە بۆی هێنا بوو!!
منیش ئەم ئایەتەم بۆ خوێندەوە کەخوا دەفەرموێ: لەترسی هەژاری و نەداری مناڵەکانتان مەکوژن، ئێمە ژێواری ئێوە و ئەوانیش دەدەین ، بێگومان کوشتنیان تاوانێکی گەورەیە..
" وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُم كَانَ خِطْئًاً كَبِيرًا "()
ئینجا کۆنە هاوەڵمان ڕۆیشتەوە سەر باسەکەی خۆی وگوتی: منی بێ باوەڕ وام دەزانی هەموو شتێ ڕێکەوتە، و بەرنامە ڕێژییەك لەکایەدا نیە!! بەلاَم ڕوودانی ئەو ڕووداوە لە یاسای ئاماری بیرکاریدا یەك لە ترلیۆنیشدا نییە!!
ئەم ڕووداوە ئەوەی پێ سەلماندم کە ئەم بوونەوەرە بێ خاوەن نییە، بێ بەرنامە نییە، خوایەکی هەیەو هەمووشتێکی دیاری کردووە، بەڵکو ژێواری ئەو کوللە لاق شکاوە باڵ قرتاوەیشی دیاری کردووە!! وەك ئەوە خوا پیشانی منی بدات کە بیر کۆتا نەبم، ئەو گیاندارە بێ زمانە - لەبەر ئەوە گوایا برسی نەبێ – نەکوژم، ئیتر کەزانیم لە عاسمانیشەوە بێت ڕزقی خۆی بۆ دێت پێم گێڕایە دواوە و نەم کوشت.. وا ئێستاش گێژەڵوکێکی گەورەی لەمەیدانی بیرو باوەڕما بەدی هێناوە!!
ئەم کۆنە هاوەڵەمان بەجۆرێکی وا باسەکەی بۆ دەگێڕاینەوە ئێمەش وەك ئەومان لێ هاتبوو!! هەستێکی تایبەتمان تیا دروست بووبوو، وەك جەزبە جەزبەمان لێ هاتبوو، وەختبوو دەست بکەینە گریان..
بەوەی کە هاوەڵەکەمان خۆی دۆزیوەتەوە زۆر دڵخۆش بووین!! بەلاَم

بەداخەوە زۆری نەخایاند وەك خۆی لێ هاتەوە..!

# # #

# - 8 -
# خوا رازیقە

# چیرۆكی نازك كار

نووسینی

حەسەنی پێنجوێنی

لەوكاتەدا كەلە شاری سنەدا بووین، شەوێ لە دواین مانگی بەهاردا بۆ دیدەنی هاوسێ یەكمان رۆیشتم، ژن وپیاوێكیش كەتەمەنیان پەنجا ساڵ بەرەو ژوور دەبوو لەوێ بوون.. پاش ئەوەی خاوەن ماڵ بەیەكتری ناساندین و باس بەباسدا هات، من باسی گەورەیی و دەسەڵاتی خوام هێنایە پێشەوە، چونكە كوڕی هاوسێكەم باوەڕی زۆر لاواز یا هەر نەبوو، پاش ئەوە كە قسەكان هات و چۆیان كرد ومنیش مەبەستم بوو كە بە شێوەیەكی نا راستەو خۆ هەندێ لەبارەی گەورەیی و دەسەڵاتی خواوە بۆ ئەوكوڕەی هاوسێكەمان بدوێم، باسی رازیق بوونی خوام بە چەند نمونەیەكەوە بۆ مەجلیسەكە باس كرد..

میوانەكەش پیاوێكی رووخۆش و قسەخۆش و لەسەرخۆ بوو، سەری بەتەواوی سپی بوبوو، ئارام ئارام هاتە قسەو گوتی: ئەوەی ئینكاری بوونی خوا دەكات، سەری خۆی لەبەرد دەدات و لەوپەڕی هەڵەدا دەژی! ئەوەی باوەڕی بەگەورەیی و رەحمی خوا نییە خۆی زۆر بچووك و دڵڕەقە!! ئەوەی باوەڕی بەوە نییە كە خوا رازیقە خۆی چاو چنۆك و بەخیلە..!!

ئێمە لەژیانی رۆژانەدا بەئاشكرا دەسەڵات و رەحم و رازقیەتی خوا دەبینین، با من نموومەیەكتان بۆ بێنمەوە كە لەژیانی خوما دیومە!

گوتمان: فەرموو..

گوتی: باوکم تازە مردبوو، هەموو ئەرکێکی ماڵ لەسەر شانی من بوو، چونکە من کوڕی گەورەبووم، بۆ براو خوشکە بچکۆلەکانم لەجێی باوکیش بووم!! منیش تازە لەم کارەی خۆمدا ببومە وەستا، و هێشتا کارامەیی و لێ هاتوویيەکی تەواوم بەدەست نەهێنابوو، بەیانی لەماڵ هاتمە دەر و دایکم هەندێ قسەی بۆ کردم، برا بچوکەکەیشم باوەشی پیا کردم، و داخوازییەکانی خۆی باس کرد..خوا حافیزیم لێکردن و رۆیشتم بۆ دوکان..

بەڵێ ، بەناوی خوا دووکانەم کردەوە، دەستم کردە تەقەتەق، کارەکەی من وەك دارتاشی وایە، بریتییە لە (نازك کاری)، دەسکی نێرگەلە و گوڵدان، سندووق، تەختە ودیمەنی جوان دروست دەکەین.

پیاوێك هات داوای کرد: هەندێ شتی بۆ دروست بکەم، منیش بە دڵێکی خۆشەوە دەست بەکار بووم.. ئەو رۆژە کارم کرد، تا ئێوارە بۆم ئامادە کرد، چاوم بڕیبووە دەرگای دوکان، کەی کڕیارەکە بێتەوەو پووڵەکەم بداتێ.. پارەکە کەم نەبوو، سەد تمەن بوو، سەد تمەنی ئەو رۆژە یەجگار زۆر بوو!!

چاوەڕوانییەکەم بێ سوود بوو، کابرا نەهات، و هەر دیارنەبوو، منیش خەم و پەژارە دای گرتبووم، ناهەقیشم نەبوو، ئێوارە جەژن بوو، قرانێکیش لەباخەڵما نەبوو!! دەنگی دایکم لەگوێمدا دەزرنگایەوە کە پێی گوتم: " کوڕم! لەبیرت نەچێ ئەم شەو دواین شەویساڵەو زستان ماڵ ئاوایی دەکات، وەرزی بەفر و سەرما و سۆڵە و رێ بەندان دوایی دێت، و وەرزی هیواو خۆشی هەوا دێت، سبەینێ ئەبێ بە بەهار ئێمەش بۆ سوپاسگوزاری خوا خۆشی و شادی پیشان دەدەین! ئێوارە لەتەك خۆتا هەندێ میوە و شیرینی بێنیتەوە، لەتارانیشەوە تەلەفونیان کردووە میوانمان دێت!! "

کاتێ بیری راسپێرییەکانی دایکم دەکەوتەوە. ئەوەندەی تر خەمبار و پەشێو دەبووم، چاریشم نا چاربوو، کەم روبووم، رووم نەبوو داوای قەرز لەهیچ کەس بکەم!!

هەرچی دیمەنی برا بچکۆلەکەیشم دەهاتە پێشچاو، وەخت بوو ئاگرم تێبەر ببێ بۆی، دیمەنەکەی لەپێش چاوما بەرجەستە دەبوو، کە پێی دەگوتم: " ئابرا گیان! بەقوربانت بم، لەبیرت نەچێ، ئێوارە هاتیتەوە، لەتەك خۆتا نارنجەکی مندالآن و یاری و تەقەمەنیم بۆ بکڕیت و بۆم بێنیتەوە!! "

دەی عاسمان بەرز و زەوی سەخت، بۆ کوێ بچم و پەنا بەکێ ببەم؟! رووم نیە بەکەس بڵێم.. دایك لەماڵەوە بەتەمای ئەوەیە کوڕ شیرینی و میوەی بۆ بباتەوە!!برای بچوکیش بەتەمای ئەوەیە کاکی شتی یاری بۆ بێنێتەوەو لەناو هاوەڵەکانیا هاوڕێ پێ کەم نەبێ!!

ئالەو کاتەدا مندالآن لەسەر باشگاوە نارجەکیان هەڵدەداو دەیان تەقاندەوە، قەدەری خوا وا بوو دانەیەکیان هەڵدا و نەتەقییەوە، و بەرەو دووکانەکەی من هات.. منیش هەڵم گرت وگوتم: جارێ ئەوا خوا بەشی براکەمی نارد، ئەگەر هەرئەمەیشی بۆ ببەمەوە دڵی پێی خۆش دەبێ.

کڕیار دیارنەبوو، کاتی دوکان هەڵگرتن هاتبوو، نیازم بوو دوکان داُبخەم، و بەکۆڵێ خەم و پەژارەوە بەرەو ماڵ بڕۆمەوە! ئالەم کاتەدا کە هیچ هیوایەکم نەمابوو، و خەمی تەم ئاسمانی دڵ ودەروونی داگیر کردبووم، فریشتەی رەحمەت پەیدا بوو، دادستانی سنە بەناوی میسداقی لەوبەرەوە دیاری دا، چەند کەسێکی لەتەکا بوو، تمەز میوان

بوون، هاتنە دوکان، دادستان منی دەناسی، لوتفێکی زۆری نواند، تەماشای شتەکانیان کرد.. زۆریان پێ جوان و پەسەند بوو، ئینجا ئەو شتانەم پێ پیشان دان کە بۆ کابراکەم دروست کردبو، بەلاَم نەهاتبوو بۆی!!

کاتێ چاویان پێی کەوت زۆریان بەدڵ بوو، دادستان گوتی: بۆمان بپێچەرەوە، منیش گوتم: ئاخر بۆ کەسێکی ترم دروست کردوون، و بڕیاربوو بێت بۆیان، وا دیار نەبوو..

گوتی: ئەگەر بیویستتنایە دەهاتەوە بۆیان.. ئێمە دەیان بەین، ئەگەر هاتیشەوە بۆیان و قسەی کرد من خۆم وەلاَمی ئەدەمەوە، منیش بۆم پێچانەوە و دامە دەستیان.. ئەوانیش دوو سەد و پەنجا تمەن – زیاتر یاکەمتر – یان پێ دام!! ئەسکەناسی رەق و تازە کەروێشکی پێ سەر دەبڕرا!! ئەوان رۆیشتن و منیش دوکانم داخست.

ئای لەوخۆشی وشادییەی کەوتە دڵمەوە!! لەخۆشیدا هەموو گیانم پێ دەکەنی!! ئەی خوای خاوەن رەحمی بەدەسەلاَت لەتۆ بەزیاد بێ، گورج رۆیشتم کەرەسەی یاریکردنم بۆ برا پچکۆلەکەم کڕی، و میوەو شیرینییەکی زۆریش بۆ ماڵەوە..

کاتێ رۆیشتمەوە دیتم دایکم و براکەم لەسەربان وەستاون و چاوەروانن، من برۆمەوە و شتیان بۆ ببەمەوە، کەدایکم لەدوورەوە منی بینی دەستی بۆ کێشام و براکەمی ئاگادار ئەکردەوە کە من ئەڕۆمەوە بۆماڵ..

منیش هەر لەدوورەوە دەستم بەرزکردەوە و پیشانم دان کەشتم بۆ هێناونەتەوە، زۆر کەیف خۆش بوون، براکەم لەخۆشیدا هەڵ ئەپەڕی.

مامۆستا گیان! خوا بەرەحمە، ئالەو کاتی نارەحەتییەدا دەرووی

رەحمەتی لەمن کردەوە، ئالەو کاتی بێ پووڵیەدا ئەو هەموو پارەیەی بۆمن نارد، ئەوەی ئیمانی بەوە نەبێ کە خوا رازیقە بێگومان کافرە!!

منیش ئەم ئایەتەم بۆخوێندەوە: هەرکەسێك خوا بیەوێ بەبێ حساب رزقی دەدات "وَاللّهُ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ".( سورة البقرة/.212 )، إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ "( سورة الذاريات/58.) بێگومان خوا خۆی رۆزی بەخشەو خاوەن هێزو دەسەلاَتی پتەوە ..

# # #

# بەرهەمی باوەڕ بەخۆ بوون!

## ڕووداوێکی واقیعی و پەروەردەییە

### پێشەکی:

لەم ڕۆژانەدا ئیمێلێکم بۆ هاتبوو، باسی ڕووداوێکی واقیعی دەکرد کە لەوڵاتی حیجاز ڕووی دابوو، کت و مت ئاوێنەیەکی باڵا نمای ئەو ئایەتە قورئانییە بوو کە خوا لە قورئانا دەفەرموێ:" قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ، وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ، وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ، وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ ، بِيَدِكَ الْخَيْرُ، إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ" آل‌عمران/٢٦. ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەی ئیماندار) بڵێ: خوایە تۆ خاوەنی هەموو شتێکیت، دەسەڵات دەبەخشیت بەهەر کەسێک بتەوێت، و دەسەڵات وەردەگرێتەوە لە هەر کەسێک بتەوێت، هەر کەس بتەوێت باڵادەستی دەکەیت، هەرکەسێکیش بتەوێت زەلیل و بێ دەسەڵات و ژێربەدەستی دەکەیت، هەرچی خێر هەیە هەر بە دەست تۆیە، بێگومان تۆ دەسەڵاتداری بەسەر هەموو شتێکدا..

" تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ، وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ، وَ تَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ." آل‌عمران /٢٧. شەو تێکەڵکێشی ڕۆژ دەکەیت،و ڕۆژیش تێکەڵکێشی شەو دەکەیت، زیندوو لە مردوو دەردێنیت، و مردوویش لە زیندوو دەردێنیت، ڕزق و ڕۆزی بێ حساب و بێ شومار دەبەخشیت بە هەر کەس بتەوێت (کارەکانت هەر هەمووی پڕە لە حیکمەت و دانایی، بەندەکانت سەرسام و سەر سووڕماوون لە کەماڵی تۆ)..

بابەتێکی زۆرمان لەسەر ڕازیقبوونی خوا پێشکەش کرد و ئەمەش بابەتێکی ترە لە قاڵبێکی ترا کە جەخت لەسەر هەمان مەسەلە دەکاتەوە.. لەراستیدا ئەم ڕووداوە ئەوە دەسەلمێنێ کەخوا ڕازیقە، ورزقیش دیاری کراوە، کەوابوو باهەوڵبدەین لە ڕێی حەڵاڵەوە بەدەستی بێنین، و خۆمان لەسەری گوناهبار نەکەین.. فەرموون ئەوە ئێوەو ئەوەش ڕووداوەکە..

حەسەنی پێنجوێنی
٠٨/١١/٢٠١١

# ٩

## بەرهەمی باوەڕ بەخۆ بوون!

یەکێ لەو دەلالانەی خەریکی کڕین وفرۆشتنی زەوی بوو کاک ئیسماعیلی ناو بوو، ئەم پیاوە سامانێکی زۆری نەبوو، کابرایەکی نەخوێندەوار بوو، بەپێی سامان وپارەکەی خۆی زەوی دەکڕی و دەفرۆشت.. هەموو سامانەکەی لە دەهەزار دۆلار تێ پەڕی نەدەکرد.. بۆیە نەدەڕۆیشتە مەزادی دەوڵەمەندەکانەوە.. ناو بەناو لەتەك کۆمەڵێ دەلالی دەوڵەمەندتر لەخۆی دادەنیشت و کۆدەبووەوە..ئەمانەی کە ئەم لەتەکیانا دادەنیشت بەلای کەمەوە یەکی سێ ملیۆن دۆلاریێکیان لەبانقا هەبوو، بەزۆری مامەڵەی ئەو زەوییانەیان دەکرد کە لەدەوری 300 تا 400 هەزار دۆلاردا بوایە، لەیەکێ لەو جارانەی کاك ئیسماعیل لایان دانیشتبوو دیتی باسی پارچە زەوییەك دەکەن کە سبەینێ دەخرێتە مەزادەوە و قیمەتەکەی لەدەوری پێنج ملیۆن دایە ..

یەکێك لەو دەوڵەمەندانەی نەیدەوێرا خۆی لە قەرەی ئەو پارچە زەوییە بدات چونکە بایی پێنج ملیۆن دۆلار بوو بە گاڵتەو لاقرتێیەکەوە گوتی: ئەرێ کاك ئیسماعیل بەیانی بۆچ ناچیتە ئەو مەزادەوە کە بە پێنج دەستی پێدەکرێ؟! ئەگەر پێت خۆش بێ بەشداری بکەو هیچ خراپەیەکی تیا نییە!! هەموو دەلالە دەوڵەمەندەکانی هاوەڵی دایانە هاڕەی پێکەنین ، کاك ئیسماعیلیش سەرنجێکی کابرای داو وای زانی لەبەر ئەوە کە بایی پێنج هەزارە ئەوان نایکڕن و توخنی ناکەون و بەکەمی دەزانن بۆیە بەم پێدەکەنن، ئەویش بۆیە پێی گوتن: کەوابوو من بەیانی بەشداری دەکەم.. ئەوەندەی تر قاقای پێکەنینیان بەرزبووەوە..

بۆ سبەینێ کاك ئیسماعیل ڕۆیشتە شوێنی مەزادەکەوە، بەڵام بەهۆی ناتەواوی ترومبێلەکەیەوە ماوەیەك دوا کەوتبوو، دیتی خەڵکێکی زۆر لە دەوارێکا دانیشتوون ئەمیش لەیەکێ لە کورسییەکانی پاشەوە دانیشت، و گوێی لێ بوو میکرۆفۆنەکە دەڵێ: 6و نیو، 6و نیو، 6و نیو، 6و نیو. یەکێك لە پێشەوە دەستی بەرز کردەوەو گوتی: حەوت و نیو، میکرۆفۆنەکە دەیگوت: 7 ونیو، 7و نیو، 7و نیو،.. ئەوان لەلای خۆیانەوە باسی 7 ملیۆن و نیو دەکەن.. ئەمیش وای دەزانێ باسی 7 هەزارو نیو

دەکەن..

ئینجا مام ئیسماعیل هەستایە سەر پێ وگوتی: لەسەر من بە 8 و نیو !!، ئەوەی لە پێشی پێشەوە بوو،و کردبووی بە حەوت و نیو قسەکەی ئیسماعیل وەك بروسکەیەك وابوو بۆی.. چونکە ئەگەر ئەو زیادی نەکردایە بۆ ئەو دەبوو! بەجارێکا خەڵکەکە روویان کردە مام ئیسماعیل و پێیان سەیر بوو چۆن ئەو پیاوە ئەوەندەی زیاد کرد!! و میکرۆفۆنەکەش هەر دووبارەی دەکردەوە: هەشت و نیو .. هەشت و نیو .. هەشت و نیو ..!! کێی تر زیادی دەکات؟! کێی تر دەیەوێ بیکڕێت؟! ئیتر کۆتایی پێ دێنین: یەك.. دوو.. سێ.. پیرۆزبێ لەو برایەی لەدواوە دانیشتووە!! چاوەکەم وەرە پێشەوە، هەویەکەت بێنەو پێشەکییەکەت بدە..

مام ئیسماعیل رۆیشت بۆلای سەکۆکە، و هەموو گیانی متمانە بوو، پێی گوت ئەوە کارتەکەم، و پێنچ هەزاریش پێشەکی، و هەرئێستاش دەرۆم بۆ بانق و باقییەکەت بۆ دێنم.. مەبەستی ئەوەبوو بچێت بۆ بانق تا سێ هەزاری تری بۆ بێنێ و بگەڕێتەوە.. ئیتر نەیدەزانی کە قیمەتی ئەو زەوییەی ئەو کڕیویەتی هەشت ملیۆن و نیو دۆلارە..!!

پێش ئەوەی لەدەوارەکە بچێتە دەرەوە ئەمیر و دەست و دایەرەکەی هاتن و لەخەڵکەکەیان پرسی: زەوییەکە بەچەند بڕیار درا؟ گوتیان: بە هەشت ملیۆن و نیو.. ئەمیر گوتی: کێ کڕی؟! گوتیان: ئەو پیاوەی ناوی ئیسماعیلە.. بەپاسەوانەکانی گوت: بۆم بێنن.. ئەویش پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە پاسەوانەکە فریای کەوت و بانگی کرد لەتەکیا بچێت بۆلای ئەمیر.. ئەویش هات بۆلای ئەمیر و سڵاوی لێکرد، ئەمیر پێی گوت: زەوییەکەت بە دە ملیۆن دەفرۆشیت؟! و ئێستاش چەکێکت بۆ دەنووسم.. ئیسماعیل گوتی: ها؟! دە ملیۆن؟!

ئەمیریش پێی گوت: بەڵێ.. دە ملیۆن؟! و ئێستاش چەکەکەت بۆ دەنووسم..
ئیسماعیل گوتی: زۆر باشە.. ئەوا پێم فرۆشتی. ئەویش چەکەکەی بۆ نووسی و لە بانق نزیکەی دوو ملیۆنی بۆ خۆی دانا و چەکەکەی بۆ ئەوان نووسی؟!

ئەوەیە کاتێ خوا ویستی بێ ئەنداز رزقی مرۆڤەکان دەدات." وَ تَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ." آلعمران /٢٧.)

# # #

## چیرۆکەکانی ئەم نامیلکەیە

**.برادەری تەنگانە1-**

**-2سەری بێ رۆزی لە ژێر خاکدایە.**

-3سۆفی چیت دیوه؟!
-4چیرۆکی عەگبەری کوردی.
-5چیرۆکی کتك وماری کوێر.
-6زەرنەقووتە و زەردەواڵە.
-7کولـلـەی لاق شکاو.
-8زەرنەقووتە و زەردەواڵە.
-9بەرهەمی باوەڕ بە خۆ بوون.